# بۆ دەستوری ئیسلامی وکۆتکردنی ئازادی وپاشکۆکردنی کوردستان!

ژمارە(2) شەممە - 25/11/2006

بلاوکراوەیەکی هەفتانەی تایبەتە بەدەستوور، ریکخراوی کوردستان- حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق—دەریدەکات

NO! نا

سەرنوسەر:
ئاسۆ کەمال
هاوکاری سەرنوسەر:
خەسرەو سایە
ژمارە (2)

## پڕۆژەی دەستووری هەرێم ڕێگایەکی تاریك بۆ ئایندەی کوردستان



حەمەغەفور
mgafor@yahoo.com

پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەم ماددەیە دەروازەی ڕێگایەکی بنبەست دەخاتەسەرپشت بۆ وەڵامدانەوە بە ئێستاو ئایندەی کوردستان.

***ماددەی : 1ی بنەما سەرەکییەکان-دەروازەی یەکەم لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق***

***"هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی (فیدراڵە) لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، کە سیستمە سیاسییەکەی کۆماری و پەرلەمانی و دیموکراسییە پشت بە بنەمای فرە لایەنی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت."*** (هێڵەکان هی منن)

سەرلەبەری دەروازەی یەکەم لەم پڕۆژەیە کە پێکرا لە 17 ماددەدا جێکراوەتەوە، بەرلەوەی سەنگ و وەزنەی خواستی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا لە قاڵبی دەستووری و یاساییدا نەقاشی و ئەندازیاری بکات، پێشئەوەی ویست و ئیرادەو تەحەمولی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە پێناوی ڕزگاری لە کۆت و زنجیری زوڵمی قەومی و کۆتایی هێنان بە پلەدوویی و ڕێزدانان بۆ خەباتی ئەم خەڵکە لەپێناوی سەربەخۆییدا بکاتە هەوێنی کۆنکرێتی دارشتنی بناغەی "پڕۆژەیەکی دەستووری" لەپێناوی بەدەستهێنانی شەرعییەتی نێودەوڵەتیدا، کە هەنگاوێکی ئەساسی بێت لە ڕاستای دانانی سنوورێکی عەمەلی بۆ جەورو ستەمی دەیان ساڵەی سەر سەری ئەم خەڵك و کۆمەڵگایە، ئەساسەن بەرلەوەی ڕێگایەك نیشانبدات بۆ وەڵامدانەوە بە کیشەی کورد لە عێراقداو زامنکردنی دەستووری هەقیی جیابوونەوەو پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، زیاتر لە پڕۆژەی گفتوگۆیەکی بێ نەزاکەت دەچێ کەخرابێتە بەردەم "دەوڵەتێك" کە نە هیچ سیفەت و ڕەنگ و بۆیەکی دەوڵەتیی پێوەیە (هەردەوڵەتێك) وە نە دەسەڵات و شەرعییەتێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیشی هەیە(هەر دەسەلاتێك). ئەوەی ناوی نراوە دەوڵەت لە گاڵتەجاڕێك زیاتر نییەو مەودای لەئارادانەبوونی دەوڵەت بە ڕوونی بە هەموو جێگاوشوێن و ناوەندێکی وولاتەوە دەبینرێت. دەسەلات، یاخود دەوڵەتی ژێر حمایەو چاودێری هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی "سەوز"دا

بۆ لاپەرە 4




## ئیسلام، هاوتابوونی پێوەرو بەرژەوەندی یەکیتی وپارتی یە لەگەڵ ئیسلامیەکاندا



ئاسۆ کەمال

لەوەڵامی پرسیاریکی رادیۆی هاوپشتی دا : ئایا زیادکردنی مادەی 7 بۆ رەشنوسی دەستور کە دەڵێ "بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان". بەرهەمی فشاری یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیە و یان کاری پارتی و یەکێتی خۆیانە؟

لە واقیعدا ئەوە تەنها سیاسەت و بەرژەوەندی یەکێتی وپارتیـیە کە چوارچێوەی ئەم دەستورە دیاری دەکا. نمونەیەکی بەرچاوی ئەم راستیە زیادکردنی مادەی 7 بۆ بنەما سەرەکیەکانی دەستورە کە تیایدا دەڵێ "بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان".

ئەم بەندە بەو پێیەی لە یاداشتی رونکردنەوەکەی ڕەشنوسی دەستورەکەدا هاتووە لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە زیادکراوە. ئەم زیادکردنی شەریعەتی ئیسلامە داوای یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیە بەڵام نیشانەی هاوتا بوونی پێوەر و بەرژەوەندی یەکێتی وپارتیـیە لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بۆ شەریعەتی ئیسلامی.

ئەم دەستورە بەو پێیەی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی سەرەکیـیە بۆ یاساکانی، دەستورێکی ئیسلامیـیە و یاساکانی ئیسلامین. پێوەر و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ پێوەر ومافیێکن کە ئیسلام داینـاون . بەم پێیە لەکوردستانیش نمونەیەکی تر لە دەسەلات و قانونی ئیسلامی پەیڕەو دەکرێ هەروەك ئەوەی حکومەتە ئیسلامیەکانی سعودیە و وولاتانی عەرەبی و ئەلقاعیدە و حەماس و یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە و ئەنسار ئیسلام بەبەرچاومانەوە رۆژانە پەیرەویان لێکردوە وجێبەجێیان کردوە. کۆمەڵگا و دەسەڵات بەپێی ئەم بەندە مەحکومن بە یاسا و دەسەلاتێکی ئیسلامی و هەر تاکێك یان

## دەستوری دژی ئاتەئیستەکان!

جمال محسن
jamal_muhsin@yahoo.com

زۆر هۆ هەن کە وام لێ ئەکەن ئەم دەستورەی یەکێتی و پارتی ڕەت بکەمەوە. وە ئەکرێت لە گۆشەی جیاجیاوە بدرێتە بەر ڕەخنە و ئەوە بسەلمێنرێ کە دەستورێکی کۆنەپەرستی، ئیسلامی، فاشیستی، دژە ژنی و کرێکاری و خەڵکیە! بەش بە حاڵی خۆم هەوڵ ئەدەم لە هەر بابەتێکدا یەکێك لەو لایەنانە ڕۆشن بکەمەوە.

ناوەڕۆکی کۆنەپەرستی دەستور لێرەدایە کە بە پێی ماددەی 7 'بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان'. بەمجۆرە ئەم بەندە خود بە خود هەموو ئەوانەی تر کە بە ڕواڵەت لەگەڵ ووشەی 'ماف' دا سەبارەت بە ئازادیەکانو ژنانو لاوان ڕازێنراونەتەوە، ڕەت ئەکاتەوە. پێم وا نیە سەلماندنی بوێت کە ئیسلامو شەریعەتەکەی (چ قورئان و چ حەدیسەکانی محەمەد) چەندە ناکۆکیو دژایەتیان لەگەڵ ئازادی و خواستەکانی خەڵکدا هەیە (گەڕانەوە بۆ ئایەتەکان و حەدیسەکان بەڵگەی تەواو دەست ئەخەن، کە جێگەی ئەم بابەتە کورتە نیە). فۆکەسی ئەم بابەتە لەسەر مافی ئاتەئیستەکانە (بێخوداکان) کە نەك هیچ جێگە و ڕێگەیەکی لە دەستوردا نیە بگرە لە دژیانە و بنەماکانی شەریعەتو ئیسلام پەڕاندنی ملیان حەلاڵ ئەکات (محمد، ئایەتی 4). لەمەش زیاتر لە ماددەی 65 دا بە ناوی 'ئازادی دین' ەوە ناوی هەموو پەیڕەوانی دینی وەکو موسوڵمان و مەسیحیو ئێزیدیو 'ئەوانی دیکە'ی تیایە تەنها بێدینەکان نەبێ.



هەروەها ماددەی 124 یش ڕێگە بە هەموو پەیڕەوانی ئەو دینانە ئەدات کە 'ئەنجومەنە ڕوحانیەکانیان' پێك بهێنن. بێدینو ئاتەئیستەکان هیچ ڕێزێکیان بۆ دانەنراوەو بە پێی دەستور ڕێپێدراو نین بیروڕای خۆیان پیادە بکەن یان ڕێکخراو و نیهادی خۆیان پێکبهێنن چونکە ئەچێتە خانەی دژی 'بنەما ڕەوشتیە گشتیەکانی هەرێم' و 'دابونەریتی گشتی'یەوە!

هەربۆیە ئەم دەستورە لە ڕوانگەی ئازادی هەبوونی هەر جۆرە دینێك یان نەبوونیەوە، سەرەپا کۆنەپەرستانەو دژی ئازادیە و نابێ کاری پێ بکرێ. هیچ کەسێك بۆی نیە بە ناوی یاسا و دەستورەوە ئەو مافە لە خەڵك بسەنێت کە بێدین بێ.

# گۆشەی بۆ "نا".. بۆ دەستور؟

## بۆچی ئێمە "نا" دەڵێین بەم دەستورە پێشنیارکراوە بۆ کوردستان؟

## ناسك ئەحمەد وەلامی پرسیارەکانی ئەم ژمارەیە دەداتەوە:



**ئیوە بۆچی دەستوور رەد دەکەنەوە، لە کاتیکدا لە دەستووردا هاتووە : ئافرەت یەکسانە لەگەڵ پیاواندا و نابێ جیاوازی لە دژیان بکرێت؟**

ناسك ئەحمەد: رەدکردنەوەی ئێمە بۆ دەستوور بەتەنها لە رووانگەی مەسەلەی ژنەوە نییە، یان رۆشنتر بلیم کیشەی ئێمە لەگەڵ ئەم دەستوورەدا تەنها لەژێرپێنان و پێشیلکردنی ماف ئازادییەکانی ژنان نییە. هەرچەندە ژنان یەکەم قوربانین تیایدا. کیشەی ئێمە لەگەڵ ئەم دەستوورەدا ئەوەیە کە ماف وخواست و حورمەت و هەویەتی ئینسانی سەرجەم خەلکی بە ژن وپیاوو پیر و منداڵەوە نەپاراستووە. ئینسان و ماف و ئازادییەکانی لەم دەستوورەدا تەوەری بنەرەتی نییە. بەڵکو قەومییەت ومەزهەب و بەشکردنی سەرووەت وسامان و بەشەکورسی دەسەلاتی سەرانی ناسیۆنالیست...میحوەرو تەوەری بنەرەتی ئەم دەستوورەیە. رەدکردنەوەی دەستوور لەلایەن ئیمەوە وەك تیکۆشەرانی مافی ژن پێش لەهەر شتیك لەم سەرچاوەوە هەلقولاوە. ئازادی و یەکسانی تەواوی ژن و پیاویش تەنها دەتوانێ لە چوارچیوەی دەستوور و قانوونیکدا مانا پەیدا بکات، کە هەویەتی ئینسانی و ماف و ئازادی بۆ سەرجەم هاوولاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمان و دین و میللیەت و رەگەز ورەنگ و..........بەرەسمی ناسیبی. دەستەواژەی یەکسانی ژن وپیاو، تەعبیریکی دەقیق نییە بۆ ئازادی و مافی ژن لە کۆمەلگەیەکی دیاریکراودا، لە کاتێدا کە پیاوان و سەرجەم خەلك ئازادی و مافیان پیشیلکرابی، ئەو کات یەکسانی دەتوانی یەکسانبوون بێ لە بێ مافیدا.

ئەوەی کە لەدەستووردا هاتووە: ( ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا یەکسانن..) چەواشەکردنی جەماوەر و ئاوەژوو کردنەوەی حەقیقەتی ئەم دەستوورەیە لەبەردەم رای گشتیدا، هەروەها یەکیکە لەو ناکۆکیە گەورانەی ئەم دەستوورەتێیکەوتووە، چوونکە ئەوان بە خەتی گەورە و لەبەندی حەوتی دەستووردا نووسیویانە : بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان......، ئاشکراشە لە ئیسلامدا ژن وپیاو نەك بەچاویکی یەکسان سەیرناکرین بەلکو پیاوان خاوەن و سەروەری ژنان, لەئیسلامدا تەواوی هەلسووکەوت وژیانی ژن لە دەستی پیاواندایە. لە وولاتانیکدا کە یاسا پشتی بەستووە بە ئیسلام یان دین دەخالەتگەرە لەیاسا و دەولەتدا، ژیانی ژنان لە وولاتانەدا لە دوواکەوتووترین هەلومەرجی کۆمەلایەتی و ئابووری وسیاسی و فەرهەنگیدایە. لەم وولاتانەدا رۆژانە خواست و ئارەزوو وماف و ئازادی و ژیانی ملیۆنەها ژن زیندەبەچاڵ ئەکرێ. کۆمەلگە بۆ ژنان تەنها دەکرێ ناوی زیندانیکی گەورەی لێبنرێ. هەر لە نموونە و لە جنسی ئەم دەستوورە سی و پێنج ساڵ رژیمی بەعس ژنانی پێ لە ئەسارەت وزینداندا راگرت، پانزە ساڵیشە لە کوردستانی عیراقدا لەسایەی دەستووریکی ئیسلامی ئاوادایە جەماوەری ژنان بە لێشاو لێیان دەکوژرێ و دەسووتێ و ئاوات و ئارەزووەکانیان زیندە بە چاڵ دەکرێ.

بەڵام ئەوەی کە ئەمرۆ کەسانیك و سەرانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیك کە لەژیر سایەی دەسەڵاتەکەیاندا تا ئیستا نزیك بە سی وپینج هەزار ژن کوژراو وسووتاوە، لە دەستووورەکەیاندا دەستەواژەی یەکسانی ژن و پیاو باس دەکەن، بە ئەندازەی سەرە دەرزییەك پەیوەندی بە نزیکایەتی ئەمانەوە نییە لەگەڵ مافەکانی ژناندا، بەلکو ئەمە لەبەرامبەر پرسی یەکسانی ژن پیاوە لە کوردستانی عیراقدا، ئەوان دەزانن، کە یەکسانی ژن پیاو وتیکۆشان بۆی مێژوویەکی دوورودریژی هەیە، و نارەزایەتی لە هەلوومەرجی ئیستای ژنان نارەزایەتییەکی قووڵ و فراوانە لە نێو جەماوەردا، رای گشتی و جەماوەری ئازادیخواز و ژنانی یەکسانیخواز یەخەیان دەگرن، هەربۆیە بە ناچاری خۆیان تووشی ئەم ناکۆکیە کردووە.

## دریژەی ..ئیسلام، هاوتابوونی پیوەر و بەرژەوەندی ...

کۆمەلێك لە کوردستاندا لەسایەی ئەم شەریعەتە ئیسلامیەدا ژیان و ماف و چارەنوسی دیاری دەکرێ. بەم شێوەیە زەمینەی مانەوە و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپەرستی ئیسلامی جیگیر دەکرێ و جیایی دین لە دەولەت و دەسەلاتی مەدەنی لە کوردستاندا بەپێی ماددەی 7 قەدەغە دەکرێ.

سەرەتا دەبێت بپرسین بۆچی یەکێتی وپارتی دەستوریان ئیسلامی کرد؟ ئایا فشاری ئیسلامیەکان لە کوردستاندا بە هێندەی فشاری شیعە و سوننەی عێراقە و ئەوان بەناچاری ملیان بەم دەستورە داوە؟ بێگومان هەرکەس سەیری وەزعی ئیسلامی سیاسی دوای 11 سیپتەمبەر 2001 سەیربکات لە کوردستاندا ئەو راستیەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بزوتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیە روو لە داچوون و پارچەپارچە بوون و لاوازی زیاتر چووە و دەورانی ساڵەکانی گەشەی نەوەدیان بەسەرچووە.

خەڵکی کوردستانیش بەلاچوونی جەوی برسیەتی وبێئومێدی لەسایەی شەڕی ناوخۆ و دەستدرێژی ئیسلامیەکان و جمهوری ئیسلامی ئێران و سەرگەردانی چارەنوسی کوردستان لەسەریان ، خواستی دەست کۆتاکردنی هەرچی زیاتری ئیسلامیەکیان و نەهێشتنی فشاری تیرۆر و کۆنەپەرستیان زیادی کرد. کەوایە مەسەلەی یەکێتی وپارتی لە پشت بەستنیان بە شەریعەتی ئیسلامی و سەپاندنی یاساکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا ئەنجامی فشاری دەرەکی نیە و ریشەی لە هاوتایی بەرژەوەندی و پیوەری ئەم حزبە دەسەلاتدارانەدایە بۆ ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان. هەربۆیە پەنایان بردۆتەوە بەر سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی و کردویانە بەسەرچاوەی سەرەکی یاساکانیان.

15 ساڵ یەکێتی وپارتی دەسەلاتیکی عەشیرەتی و میلیشیاییان لە کوردستان پەیرەو کردوە و ئێستاش کە دەیانەوێت ئەم نیزامە سیاسی‌یە نامەدەنی ومیلیشیایی‌یە بخەنە قالبی یاسایی‌یەوە،ئەوا پیویستیان بە شەریعەتی ئیسلامیە تاکو بتوانێت سەرخانیکی سیاسی و قانونی گونجاو لەگەڵ ئەم سیستەمی حوکمرانیەدا بسەپێنێت. ناکرێ بە سیستەمێکی میلیشیایی و تەقسیمی دەسەلات لە نیوان دوو حزبی چەکداردا چاوەڕێ بکرێ یاساکانی کۆمەڵگای مەدەنی ، جیایی دین لە دەولەت و دابینکردنی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان دابنێن. شەریعەتی ئیسلامی بە یاساکانی بەرتەسك کردنەوەی ئازادی بیروباوەر و ژێردەستەیی ژنان و بێمافی منالان و هتد ..دەتوانێت پاساوی یاسایی کردەوەکانی سایەی ئەو دەسەلاتە بداتەوە کە لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا نمونەی شەڕ و بێمافی و کۆتکردنی ئازادی و کوشتاری ناموسی و بیکاری و گەندەڵی وهتد دریژەپیداوە.

هەربۆیە ئەم بەندی 7 ە وەك وەلامدەرەوە بەو نیازانەی حزبە دەسەلاتدارەکان زیادکراوە و تەنانەت لەچاو دەستوری ئێستای عیراق دەستی ئەم شەریعەتە و ئیسلامیەکانی ئازادکردوە کە ئەو بەشەی کە لە دەستوری عیراقدا ئەمریکا دایناوە کە نابێت هیچ یاسایەك پیچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی بێت لابراوە لێرەدا . سبەینێ چەند ژنە و کوشتنی ژنان لەلایەن "وەلی ئەمر" ەکانیانەوە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی دەتوانێت ببیتە سەرچاوەی یاساکانی کوردستان سەبارەت بە ژنان. هەر ئێستا مەلاعلی باپیری کۆمەڵی ئیسلامی دەبینین کە چۆن نەشئەی ئەم بەندی 7 ە گرتویەتی و داوای تاکە حوکم و دەسەڵات بۆ ئیسلام دەکات لە کوردستان.

لەدنیای ئەمڕۆدا کە ڕۆژانە تاوانەکانی ئیسلامیەکان و حکومەتە ئیسلامی و عەرەبیەکان دەبینین باسکردن لەوەی بەندی 7 پیوەری نەبونی ئازادی لە دەستوردا ئەلف وبێیە و زۆر تەفسیرکردنی ناوێت. ئیدعای ئەو دەستەی ئامادەکارەی دەلێت سوودیان لە دەستوری ئەمریکا وکەنەدا و بەلجیکا وەرگرتوە و لەسەر بنەمای جاری گەردونی مافەکانی مرۆڤ ئەم دەستورەیان داناوە ، چ ئیدعایەکی پوچە کاتێك لە هەموو ئەو دەستورە مەدەنیانەی دنیای رۆژئاوادا خالی جیاکەرەوەی دین لە دەولەت بنەمای سەرەکی‌یە و ڕێنیسانس و شۆڕشی فەرەنسە و دەیان ساڵ خەباتی کومەڵگای مەدەنی توانیویەتی دەستی دین و مەسیحیەت وکەنیسە لەسەر دەسەلات و دەولەت نەهیلێت.

هەلۆێست گرتن لەسەر لەسەر ئەم بەندی 7 ەی ئەم ڕەشنوسی دەستورە دەتوانێت خاڵی جیاکەرەوەی ئازادیخوازان و لایەنگرانی دەسەڵاتی نامەدەنی و ئیسلامی لە کوردستاندا بێت. بەبێ لابردنی بەندی 7 و راگەیاندنی ئاشکرای جیایی دین لەدەولەت و پەروەردە و کارکردن بۆ لابردنی کاریگەریان بەسەر گەشەی کۆمەلگاو مافەکانی مرۆڤەوە ، ئەم دەستورە قابیلی هیچ گۆڕانگاری و چاکردن نیـیە. لانەبردنی دەسەلاتی دین بەسەر دەسەڵات وقانون و پەروەردەوە واتە گێڕانەوەی ئینسان بۆ چاخەکانی ناوەڕاست ، وەك ئەوەی لە تالیبان و جمهوری ئیسلامی ئێران و ئەنسار ئیسلام و سعودیە دەبینین. شەریعەتی ئیسلام وەك پێوەری نەبونی ئازادی لە دەستوردا دەبێت سەرنجی بدرێتێ و قبوڵ نەکرێت. ئەگەر ئەم بەندە لەو دەستورەدا بهلریتەوە ئەوا دەستورێکی دژی ئازادیان خستۆتە بەردەم خەلکی کوردستان کە جگە لە رەتکردنە و "نا" ووتن هیچی تر هەڵناگرێ پێ‌ی بوترێت.

**بلاوکراوەی " نـــــا "**

بلاوکراوەیەکی هەفتانەی تایبەتە بەدەستوور، ریکخراوی کوردستان- حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق— دەریدەکات

# کوردستان لەمەدا ئەتوانێت ببێت بە نمونە

عامر سابیر
asabir79@hotmail.com

1) زۆر دەمێکە سەرانی پارتی و یەکێتیی ئەوە دووبارە ناکەنەوە کە بڵێن، ئەزمونی دیموکراسی کوردستان ببێت بە نمونە بۆ هەموو عێراق. هەر لەو کاتەشدا خەڵکی کوردستان گاڵتەی تەواویشی بەم قسە پوچەی ئەمانە نەئەهات.
دزی و گەندەڵی و ڕەفتاری سەرکوتکەرانەیان زۆر باش ئەوەی سەلماندووە کە ئەزمونی ئەمانە لە خراپێتیدا، ئەتواندرێت بە نمونە بهێندرێتەوە و لە پاڵ دەسەڵات و حکومەتە ڕەشەکانی تری ئەم ناوچەیەدا ڕیزبکرێن.
2) بەڵام لە دانانی دەستوردا کوردستان ئەتوانێت ببێت بە نمونە، بەوەی کە ئەم ڕەشنوسی دەستورەی ئێستا کە ئیسلامیانە و کۆنەپەرستانە و نا عەدالەتانەیە تورِهەڵدرێت و لە جێگەیدا دەستورێکی عەلمانی و ئینسانی و عەدالەتخوازانە دابندرێت.
کوردستان بە دەستورێکی ئاوا عەلمانی و ئینسانی یەوە، ئەتواندرێت بە نمونە بهێندرێتەوە نەك هەر بۆ عێراق، بەڵکو بۆ زۆر لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
کوردستان ئەگەر بەهرەمەند بێت لە دەستورێکی سکۆلار، ئەوا پێویست بەوە ناکات کە هیچ کەس لە کوردستاندا ئیدیعای ئەوە بکات کە پێویستە ئەو دەستورە ببێت بە نمونە بۆ وڵاتانی تر، بەڵکو لەوکاتەدا میدیاکانی دنیا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی داوای ئەوە ئەکەن وە بە نمونە ئەیهێننەوە نەك تەنها بۆ عێراق بەڵکو بۆ وڵاتانی تریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لە کوردستاندا ئەگەر بە چەشنی تونس و ترکیا دین لە دەوڵەت و پەروەردە جیا بکرێتەوە، ئەوا پشتیوانی زۆری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ مەسەلەی کورد ڕائەکێشێ.
ئەو پاساوەی کۆنەویستانی ئیسلامی زۆر پوچە، زۆر نادروستە، زۆر دورە لە مەنتیقەوە کە ئەڵێن لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان موسوڵمانە، کەواتە ئەبێت ئیسلامیش سەرچاوەیەکی دەستور بێت.
هەر لەو کوردستانەی کە ئەم کەلە وشکانە ئیدیعای ئیسلامی بونی ئەکەن ئەگەر (سێرڤەی) یەك بکرێ و پرسیارێکی زۆر سادە لە خەڵکی بکرێت و بووترێت کە ئەگەر سەفەری هەفتەیەکت بۆ فەراهەم بکرێت کە بچیت بۆ یەکێك لەم دووانە، بۆ سعودیە بۆ حەج، یان بۆ پاریس بۆ بینینی بورجی ئیڤڵ، ئەوا حەتمەن ئەوەندەی خەڵکی کە بینینی بورجی ئڤڵیان پێ شایستەترە، بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوانەی کە ئەچن بۆ حەج.
کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی دینی نییە، خەڵکی کوردستان مشتاقی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئینسانی و تینوی



ئازادییە.
بە قسەی ئەم ئیسلامییە ڕیشننانە بێت، ئەوا ئەبێت وڵاتانی ئەوروپا و هیندستان کەنیسە و تیمپڵ بەڕێوەی بەرێت، هەرچەندە بە گوێرەی بۆچونی ئیسلامێکان بێت بەشی زۆری خەڵکەکەی مەسیحین یان بودین، بەڵام زۆر دەمێکە دین لە دەوڵەت و فێرکردن جیاکراوەتەوە و دین وەك کارێکی شەخسی تاکەکان سەیری ئەکرێت.
کۆنەپەرستانی ئیسلامی بە هەموو نەوعەکانیەوە، بەوانەوە کە عەمامە لەسەر ئەکەن یان ریبات ئەبەستن، بەوانەوە کە رشیشیان قولانجێکە یان بستێکە، بەوانەوە کە بەکرێگیراوی سعودیەن یان بەکرێگیراوی ئێرانن، بە شەرواڵ کورت و پانتۆڵ لەپێکانیانەوە، بە عەبا لە شان و چاکەت لەبەرەکانیانەوە، بە ڕەسەن و نا ڕەسەنەکانیانەوە، ناکۆکن بە کۆمەڵگەی کوردستان. چەندین ساڵە بە هەڕەشە و چاوسورکردنەوە و فەتوا و شمشێر و تێزاب وەشاندن و کاری تیرۆریستی و پارەی زۆری بەکرێگیراوی ئێران و سعودیە و شەڕ و گەندەڵی ناسیۆنالیزمی دواکەوتوی دەسەڵاتداری کورد ماونەتەوە لەم کۆمەڵگایەدا.
بۆیە ئەم دەستورە ئیسلامیە کۆنەپەرستانەیە ئەبێت ڕەتبکرێتەوە.
22/11/2006

**یەکسانی تەواوی ماف و جیوشوینی قانونی ژن وپیاو لەخیزاندا. هەلوەشانەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو بەوینەی"سەرپەرشتیاری خیزان" و بەرقەراکردنی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەپەیوەند بەسەرپەرشتی وپەروەردەی منال، کۆنترۆلکردن و بەریوەبردنی مال و مولك وکاروباری دارایی خیزان، میرات، هەلبژاردنی شوینی ژیان و نیشتەجی بوون، کاری ناومال، وچونەسەری پیشەیی، تەلاق، سەرپەرشتی کردنی ساوا لەحالەتی جیابوونەوە و بەشکردنی خاوەنداریتی.**

# پرسیار و ڕای ئازاد

**شەریعەتی ئیسلام کراوەتە یەکیک لەسەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان لەم دەستورە پیشنیارکراوەدا.ئیوە ئەم بەندە بەفشاری ئیسلامیەکان دەبینن یا خواستی حزبە ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکان خۆیانە؟ کاریگەری پەیرەوکردنی ئەم دەستورە ئیسلامیە بەسەر مافەکانی ژنان ،منالان وئازادیە فەردی و کۆمەلایەتیەکان و کۆمەلگای مەدەنی کوردستاندا چیدەبێ؟ ئایا هەولیستی کەس ولایەنیکی عەلمانیەکان و لایەنگرانی ئازادی بەرامبەر بەم دەستورەی کە دینی ئیسلامی کردوٚتە سەرچاوەیەکی دەسەلات دەبێ چیبێ؟ بانگەوازی ئیوە بۆ خەلک بەرامبەر بەم دەستورە چیە و ئایا خەلک بەم دەستورە بدات یان نا؟**

## شیلان شۆڕش

نەرویج- بەرگن

ئەوە ڕاستە کە ئاواتی هێزە ئیسلامیەکانە و دەیانەوێ فشار بهێنن، بەڵام یەکێتی و پارتی خۆیان بەرژەوەندیان هەیە لە دانانی دەستوری ئیسلامی و ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان ئەو کارە دەکەن. ئەم دەستورە تەنها دواکەوتوویی و تەخەلف بڵاودەکاتەوە، خەڵك وا لیێ دەکات زانیاریان نەبێت و نەزانن چۆن لەدەست چەوسانەوە و نایەکسانی خۆیان ڕزگار بکەن. باشترین شێوە کە بتوانرێت دەسەڵات بەسەر خەڵکدا فەرز بکرێت ئەوەیە بە نەزانی بیانهێڵیتەوە. هەربۆیە یەکێتی و پارتی نایانەوێت خەڵك پێش بکەوێت.
ئەم دەستورە ژن و پیاو نایەکسان ڕادەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەموو میللەتێك. بێدەسەڵات کردنی ژن بێدەسەڵاتکردنی هەموو گەلە.
هەموو هێزی پێشکەوتنخواز کە دژ بە چەوسانەوە و بێدەسەڵاتیە دەبێت دژ بەم دەستورە بوەستنەوە و چالاکانە کار بکەن، بەڵام ئەم کارە دەبوایە لە زووەوە هەوڵی زیاتری بۆ بدرایە بۆ ئەوەی خەڵك ئاگادار بکرایەتەوە، هوشیار بکرایەتەوە کە بۆ مافی سەربەخۆی خۆیان هەوڵ بدەن. پەیامی من ئەوەیە کە هەموو کەس مەرج لەسەر دەسەڵاتداران دابنێن کە مافیان پێشێل نەکەن. کاتێ دەزانین دەسەڵاتداران گوێمان لێناگرن، دەبێ ئیجبار بکرێن کە لە دەسەڵاتدا نەمێنن.

# چەند پرسیارێك پێش دەستوور؟

سەرەتا دەبێت خەلکی کوردستان ئەو پرسیارە لە حکومەت و دەسەڵاتی یەکگرتووی یەکێتی وپارتی بکات کە بۆچی خۆیان دوای 15 ساڵ هاتونەتە سەر ئەوەی بێن و یاسا و دەستور دابنێن بۆ دەسەڵاتدارێتی لە کوردستان بەڵام دەیانەوێت خەڵکی کوردستان لە دەستورێکی هەمیشەیی کە دەیان مەسەلەی جیگای جەدەل و کێشەی تێدایە دەنگی بۆ بدات؟ ئایا دوای 15 ساڵ حوکمی میلیشیایی و بێقانونی چ زەمانەتیك هەیە کە یەکیتی وپارتی ملکەچی قانون و دەستور بن؟
ئایا دانانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سانسۆرکراوی حزبی ئەو سەکۆ ئازادەیە کە خەڵکی کوردستان بتوانن گوزارشت لە راو و بۆچونە جیاوازەکانیان بکەن لەسەر دەستور؟ لەم دوو مانگەدا زیاتر لە 3 ملیۆن ئینسان بەو پرسیارە یەك دەقەیە دەتوانێت بڵێین بەشداری بەکردەوە کردوە لە دارِشتنی دەستورێك کە بریارە مەسەلەکانی ژیان و چارەنوسی ئەو دیاری بکا؟
ئایا دەور و کاریگەری حزبە سیاسیەکان و ریکخراوە جەماوەریەکان لەسەر ستراتیژی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان بە وُرك شۆپیکی یەك دوو ڕۆژە بەرتەسك دبێتەوە؟ ئایا ئەمە بەشداری راستەقینەی خەلکی کوردستانە لەو رەشنوسەدا کە دەبێتە تاکە دەستوری پیشنیارکراو یان ئەمە تەنها پرسە گورگانەیەکە بۆ سەپاندنی ئەو دەستورە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە؟
کوا ئەو بودجەیەی دانراوە بۆ خەڵکی کوردستان کە بۆ دەربرِینی بیروڕای خۆی لەسەر ئەم دەستورە بتوانێت سەرفی بکات بۆ راگەیاندن و گۆرینەوەی بیروراکانی ؟
کوا ئەو تریبون و مینبەر و وەسیلانەی حزبەسیاسیەکان و ریکخراوە پیشەیی یەکان بەیەکسانی دەتوانن رای جیاوازی خۆیان لەسەر ئەم دەستورە بەڕای گشتی بگەیەنن؟
ئەگەر لە هەلبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا سەرەرای بەشداری نەتەوەیەکگرتوەکان ناوچەکانی سلیمانی و هەولیر ودهۆك لە لیستی رەشی UNدابن ئەبێت لە دەنگدانی ئەم دەستورەدا کە یەیکتی وپارتی تەنها خۆیان سەرپەرشتی بکەن لە ڕەش زیاتر دەبێت چی بێت؟
ئەگەر ئەم دەستورە بەراورد لەگەڵ دەستوری فەرنسا و ئەمریکا و وولاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا دانراوە ، کام یەك لەو دەستورانە دینی کردوە بەسەرچاوەی یاسا و دەسەڵات؟ کام لەمانە دەسەلاتی سەرۆکی وولاتی کردۆتە هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان و لەسەر رازی نەبون بە سیمبولی حزبەکان چالاکی کەس و لایەنەکان قەدەغەبکریٚ؟
یەك وەڵام : ئەم پرۆسەی ئالوگۆڕەی ڕەشنوسی دەستور بەبێ ئەو ئیمکاناتانە ئیدعایەکی پوچە و سەلبی ئازادی رادەربرین و فرسەت نەدانە بە ڕای جیاواز لەسەر ئەم دەستورە و هێشتنەوەیەتی لەم قالبەی ئێستایدا وەك دەستورێکی ئیسلامی و کۆتکردنی ئازادی و پاشکۆکردنی کوردستان.

## درێژەی .... پرۆژەی دەستووری هەرێم ڕێگایەکی .......

تەنانەت وەزیرو گزیرەکانی خۆشی پێ ناپارێزرێ!

لەکاتێکدا بەرەنجامی سیاسەتی داگیرکاری ئەمریکا بووە هۆی زەمینەسازکردن بۆ شەڕێکی تائیفی و ترسناك کە کۆمەڵگای عێراقی بە تەواوی یۆگۆسلاڤیزە کردووە، سەرلەوحەی هەواڵەکانی ژورنالیزمی جیهانی بۆتە شوێنی ژماردنی ڕۆژانەی ژمارەی قوربانیانی سڤیلی ئەم کارەساتەی جەنگی تائیفەگەری لە عێراقدا، ئاسەوارێك لە ئەمن و ئاسایش نەماوەتەوە، کەچی پرۆژەی دەستووری کوردستان بە خەمساردییەکی بێوێنەوە گەرەکییەتی شەرعییەتی دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی کورد لە ژێر پەردەی "دەستوور"دا لە قاڵبی دەسەڵاتی "هەرێمی فیدراڵی کوردستان"دا لەناو پرۆژە یاسای دەستووری قەومی– ئیسلامی عێراقیدا دەرکێشێ و بیکاتە بارقەڵای دەریایەك لە کارەسات و کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی کوردستان لەپای بەزۆر لکاندنی بە عێراقەوە.

دانیشتوانی کوردستان دەبێ ئەم پرسیارانە بەرەوڕووی دەستووری هەرێم بکەنەوە، کام هەرێمی کوردستان؟! هەرێمی تاڵەبانی یاخود هی بەرزانی؟ کامە عێراق...کام فیدراڵییەت...کامە دیموکراسی و فرەیی، کام ئاڵوگۆڕپێکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات؟! ئایا ڕەواو لۆژیکیە عێراقێك کرابێتە مەیدانی جەنگی تائیفی و پاکسازی ئینسانەکانی لەسەر بنچینەی ناسنامەو دوورو نزیکی ناوی مرۆڤەکانی لە"عومەرو عەلی"ەوە، باسی فرە لایەنی و دەسبەدەسکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی تێدا بکرێ؟! عێراقێك ژنان تیایدا قاچاغ بن و پاشکۆو داماوی دەستی چەقۆکێشانی هەوەسبازی ئیسلامی و قەومی کرابن، دوکتۆر و پزیشك و پرۆفیسۆر وهونەرمەندو گەنجان پۆل پۆل لێوەی هەڵبێن، کەچی دەسەڵاتدارانی ناسیونالیستی کوردی بە ئیفتیخارەوە بێ گوێدان بە خواستی کۆمەڵگای سکۆلاری کوردستان، باس لە پێکەوەژیانی ئیختیاری کوردستان بکەن لەگەڵ ئەم تەنوورەی ئاگری جەنگی تائیفەگەریەدا!؟ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقی دوای ڕژێمی بەعسی فاشیست، گۆڕاون بۆ پاکتاوکردنی شارستانییەت و ئینسانییەت و کۆمەڵگایەك لەبەر دەرگای ماڵەکانیاندا بەدەستی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی و بەبیانووی مقاوەمەو دەرکردنی هێزەداگیرکەرەکانەوە، ئەگەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی ئەم حیزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتی نەخوازێ، کام عەقڵی سەلیم ڕێگادەدات چارەنووسی کوردستان دووبارە گرێبدرێتەوە بە دەوڵەتی ناوەندەوە، لەوەش بەولاوەتر داڕشتنی دەستووریی بۆئەو کیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حقوقی کە تامەزرۆی ڕزگاری و سەربەخۆییە لەپای چی بپێچرێتە ناو کێبەرکێیەکی نەبڕاوەی تائیفی نێوان شیعەو سوننەوە!؟ ئەم ئاراستە سیاسیەی سەرانی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی بەبڕوای من سووکایەتیکردنە بە حورمەت و کەرامەتی خەڵکی کوردستان. گاڵتەکردنە بە خەباتی ئەم خەڵکەو بە ئاوات و ئارەزووەکانیان.

بەندەکانی دیکەی دەروازەی یەکەم لەم پرۆژەی دەستوورە سەرجەم پاڵپشتی بەندی یەکەمەو بە ئاوێزانکردنی نەبزێکی کوێرانەی قەومپەرستانی کوردی لەگەڵ ئەم پرۆژە دەستوورییەیاندا، نیازیان وایە تا ساڵانێکی دوورودرێژی تر مامەڵە بە چارەنووسی کوردستانەوە بکەن. ئێستاش بۆ تووندکردنەوەی دەسەڵاتی گەندەڵی خۆیان بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە بە بیانووی پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقی فیدراڵەوە، وە جۆشدانی دەمارگیریی نەتەوەپەرستانە بەناوی "خەباتی دیموکراسیانە بۆ گێڕانەوەی بەشەکانی تری کوردستان بۆ سەر هەرێم!" لەچوارچێوەی بڕیاری 58 ی سەردەمی دەوڵەتی کاتی و بڕیاری 140ی دەستووری عێراقدا، بەناوی یەکالاکردنەوەی مەسەلەی کەرکوك وە هەڵواسینی چارەنووسی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، دەیانەوێ خۆڵ بپژێنن بە چاوی خەڵکداو لە پشتەوە دەستیان بە کۆڵەکەی پواوی نەتەوەپەرستانەوە ببەستنەوە.

دەسەڵاتی ئەم حیزبانە پاش 15ساڵ لە جیایی و سەربەخۆیی دیفاکتۆی کوردستان، دوای ئەوەی خەڵك 2ملیۆن ئیمزایان دا لە خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، نەهاتە پای ئەوەی گوێ بگرێ بۆ ئیرادەو خواستی سەرتاسەری ئەم خەڵکەو ڕێزدابنێت بۆ دەیان ساڵ ژیانی ژێردەستەیی و زوڵم و چەوسانەوەیان، ئێستا کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی لە دژی گەندەڵی ئیداری و دزی و ڕاووڕووت، شارەکانی کوردستانی گرتۆتەوەو ئەم حیزبانەی بەتەنگ هێناوە، جێگای خۆیەتی ئەم پرۆژەی دەستوورەش بپێچنەوەو بە پەرەدان بە ناڕەزایەتییەکانیان و یەکگرتووکردنی ڕیزەکانیان، هەواو هەوەس و نەشئەی دەسەڵات و کورسی حکومەتی ناوەندیان لێ تێکدەن و بیگۆڕن بۆ دابینکردنی داواکارییەکانیان. تەجروبەش نیشانی داوە ئەم حیزبانە تەنها بە خەباتی یەکگرتووانەی خەڵك وەڵامدەدەنەوە. ئەوان پرۆژەی دەستووریان بۆ ئەوەیە خۆیان لە گەندەڵییەکانیان و لە خواست و داواکارییەکانی جەماوەر بدزنەوە، خەڵکیش بە پێچانەوەی ئەم دەستوورە ئامانجەکانی پشتی پرۆژەی دەستووری ئەم دەسەڵاتە ڕیسوادەکەن. ئێستا لە هەموو جێگایەك بە ئاشکراو بێپەردە هەمووان باس لە دووری و جیایی ئەم حیزبانەو حکومەت و دەسەڵاتیان دەکەن لەگەڵ خەڵکی کوردستان و خواست و ئامانجەکانیاندا. جگە لەوەش بە کردەوە ئاست و حەجمی گەندەڵی بەڕادەیەك سەران و ڕیزەکانی ئەم حیزبانەی گرتۆتەوە کە توانای حکومەتکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی کوردستانیان لەدەسداوە. کەس ناتوانێت لەسەر گەندەڵییەکان و بەتاڵانبردنی سەروەت و داهاتی کوردستان لە گوڵ کاڵتر بەکەس بڵێت. باشترین بەڵگە ئیجرائاتەکانی یەکیتی نیشتمانی بوو لە کاتی حەملەی هەڵبژاردنەکانیاندا کە بۆ چەواشەکاری ڕیزەکانی حیزبەکەیان بڕێك کەس و مەسئولیان دوورخستەوە. دوای هەڵبژاردن جەلال تاڵەبانی خۆی موعەززەز موکەڕەم گەندەڵکارەکانی گێڕایەوە شوێنەکانی خۆیان. ئێستا لە هەر کات و سەردەمێکی دیکە لەبارترە بۆ ئەوەی چارەنووسی کوردستان و خەڵکەکەی لەدەستی ئەم مفاوەزەچی و تاڵانچیانە دەربهێنرێ. ئێستا بە تەواوی ئیمکانی جیاوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکۆلار تیایدا ئامادەیەو خەڵکی کوردستان چیتر نابێ ئالوودەی بەندوبەستی ئەم حیزبانە بمێننەوە. بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد کێشەیەکی گەورەی وەکو مەسەلەی کورد بە عادلانەترین شێوە یەکالادەکاتەوە. با هەموو پێکەوە بڵێین نا بۆ دەستوور بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم.

112006-23

## ئاگاداریەك بۆ خوینەرانی بلاوکراوەی "نا"

بەهۆی دواکەوتنی دەنگدان لەسەر دەستور بۆ مانگی 4 و بۆ دەرچوونی بلاوکراوەی "نا" لەکوردستان هاوکات لەگەڵ رۆژنامەی ئۆکتۆبەری ریکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا، بەباشمان زانی لە ئێستادا دوو هەفتە جارێک ئەم بلاوکراوەیە دەربکەین. هیوادراین بابەتەکانتان لە چەند رۆژ پێش سەری مانگ و ناوەراستی هەموو مانگیکدا بەدەستمان بگەیەنن.

### ناو و ئەدرەسی ئەو شوینانەی دەتوانن بۆ بلاوکراوەی "نا" پەیوەندیمان پێوەبکەن :

ئاسۆ کمال
asokamal1@aol.com
0044+7760131203

خەسرەو سایە
K.saya@ukonline.co.uk
0044+7796257020

زمناکۆ عزیز / کوردستان
07701521852
zmnaco@yahoo.co.uk

شمال علی/ بەرپرسی ریکخراوی دەرەوە
shemalali@yahoo.com

سامان کەریم/ نوینەری ریکخراوی کوردستانی حیزب لەدەرەوە
zaryak@yahoo.com

جمال محسن / نەرویج
jamal_muhsin@yahoo.com

محمد غفور / هولندە
mgafor@yahoo.com

هیدایەت مەلا علی / دانمارك
hidayat_malaali@yahoo.com

عامر صابر / ئوستراليا
payman@ihug.com.au

دەشتی جەمال/ بریتانیا
d.jamal@ntlworld.com

دەستورێك کەمافی سەربەخۆیی و بەرپاکردنی ڕیفراندۆم لەخەڵکی کوردستان دەسێنێتەوە وچارەنوسیان دەخاتە ژێر سێبەری دەسەلاتی عروبی ئیسلامی عێراقەوە.. دەستورێك کەئیسلام دەکاتە سەرچاوەی دانانی یاساو چوارچێوەیەك بۆ دیاریکردنی مافە فەردی ومەدەنیەکان و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان.. دەستورێك کە بەچاوی مافی هاولاتی یەکسان سەیری هەموو دانیشتوانی کوردستان ناکات و جیاوازی رەگەز و زمان وئاین دێنێتەکایەوە..دەستورێك کەخزمەتگوزاری ستاندار و بیمە کۆمەلایەتییەکان بۆهەموو دانیشتوانی کوردستان بە پێوانەی سەرەدەم ناسەلمێنی و وەك ئەرکێکی دەسەلات جێگیری ناکات.. ناتوانی لەئاست خواست وئارەزووەکنی خەڵکی کوردستاندابێت، و بەتەواوی پێچەوانەیە بەبەرژەوەندییەکانی ئەوان..